Research Center

27-02-2021

# پشتپەردەی کۆکردنەوەی هێزەکانی حەشد لە شەنگال

27-02-2021

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** دوای ئەوەی کە حەشدی شەعبی لە رۆژانی رابردوودا هێزی زیاتری رەوانەی شەنگال کرد، جارێکی دیکە بارودۆخی ئەو ناوچەیە کەوتەوە رۆژەڤ

زریان رۆژهەڵاتی|

**بەرایی**

دوای ئەوەی کە حەشدی شەعبی لە رۆژانی رابردوودا هێزی زیاتری رەوانەی شەنگال کرد، جارێکی دیکە بارودۆخی ئەو ناوچەیە کەوتەوە رۆژەڤ. بە ئاراستەیەکی پێچەوانەی رێککەوتنە جێبەجێنەکراوەکەی هەولێر و بەغدا لەسەر شەنگال، هەزاران سەرباز و چەکداری جۆراوجۆر لەوێ کۆکراونەتەوە. ئەویش لە کاتێکدا کە پێشتر حکومەت هێزەکانی سوپا و دوو لیوای پۆلیسی فیدراڵیشی لەو ناوچەیە بڵاوکردبووەوە! لەبارەی پاساوەکانی زیادکردنی هێزەکانی حەشد، دوو پاساوی ئەگەری هێرشی تورکیا و دابینکردنی ئاسایش زیاتر دەدرێنەپێش.هەڵبەت پرسیار زۆرن لەسەر ئەوەی کە لە راستیدا لە شەنگال چی روودەدات و ئەم بابەتەش بەتەمایە لەڕێی هەڵسەنگاندنی پاساوەکانی جوڵەی هێزەکانی حەشد، بەدوای پاڵنەرە راستەقینەکاندا بگەڕێت.

**ئایا تورکیا هێرش دەکات؟**

هادی عامری سەرۆکی هاوپەیمانی فەتح و عەسائیبی ئەهلی هەق باسیان لەوە کردووە کە ئەوان زانیاریان لەدەستدایە کە تورکیا هێرشی شەنگال دەکات. تورکیا لە 2017داهێرشی ئاسمانی کردە سەر شەنگال و لە 2021شدا ئۆپەراسیۆنی هەواڵگری کردووە، بەڵام ئەگەر مەبەست لە ئەگەری هێرشی تورکیا، ئۆپەراسیۆنێکی بەژایی- ئاسمانی بێت، ئەوا بەربەستی زۆری سەربازی و سیاسی لە بەردەمدایە.

ئەگەر تورکیا لە سنووری پارێزگای شرناخەوە لەشکرکێشی بکات، پێویستە لە سلۆپی وە هەتا شەنگال لانیکەم 100کم رێگا ببڕێت. خۆ ئەگەر لە قۆڵی باکووریشەوە لە سنووری پارێزگای ماردین هێرش بکات، دەبی لە شارۆچکەی نوسەیبینەوە هەتا شەنگال، لانیکەم 90 کم بڕوات. بەرلە نەوەدەکان 3ئۆپەراسیۆنی بە قوڵایی 5کم، لە ساڵانی 90کاندا42 ئۆپەراسیۆنی گەورە و بچووکی کردووە کە زیاتر لە لێواری سنووریدا چڕبوونەتەوە. لە 2000کانیشدا ئۆپەراسیۆنەکانی زیاتر ئاسمانی بوون و ئەوانیش لە 2007 و 2008 و 2011دا کراون. لە نیوەی دووەمی دەیەی دووەمی 2000کانیشدا، لانیکەم 4ئۆپەراسیۆنی گەورەی لە سووریا و ئەنجامداوە کە درێژترین مەودای لەشکرکێشییەکەی 30-40 کم بووە. دەتوانین بڵێین ئەنکەرە لەڕووی سەربازییەوە تا ئێستا هیچ ئۆپەراسیۆنێکی بەژایی وای لە خاکی عێراق نەکردووە کە سنوورەکەی 40 کم ی تێپەڕاندبێت. بۆیە ئەگەر ئۆپەراسیۆنی شەنگال بکات، ئەوە واتای ئەوە دەدات کە لە 1983وە تا ئێستا، رووداوێکی دەگمەن روودەدات، چوونکە شەنگال 100-120کم لە سنووری تورکیاوە دوورە.

گەورەترین ئۆپەراسیۆنی تورکیا لەدژی پ.ک.ك لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992کراوە کە وا مەزەندە دەکرێت 30-40هەزار سەرباز تێیدا بەشداربووبێت، ئەویش لە کاتێکدا کە ئەو وەختانە ژمارەی ئەندام و لایەنگرانی پەکەکە و رێکخستنەکانی وەك ئێستا نەبوو. بۆیە ئەگەر بە تەمای ئۆپەراسیۆنێکی وا بێت، ئەوا پێویستی بە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی ئێکجار زۆری هێز لە سنور دەبێت کە زەحمەتە بە چاوی خەڵك نەبینرێن. جارێ گلێرکردنەوەیەکی وەها گەوەری هێزیش لەسەر سنوور نابینرێت.

هێڵی ماردین- شەنگال، سنووری سێ دەوڵەتە و بەو پێیەی کە هێزی رووسی، ئەمریکی و سووری لەو ناوچەیە هەن، لانیکەم بۆ دوورکەوتنەوە لەهەرجۆرە بەریەککەوتنێکی سەربازی، ئەنکەرە ناچارە بەرلە هەر هێرشێك ئەو وڵاتانە ئاگادار بکاتەوە، وەك چۆن لە هێرشە ئاسمانییەکەی ساڵی 2017دا ئەردۆغان رایگەیاندبوو کە ئەمریکا و رووسیای ئاگادارکردۆتەوە. بێجگە لەوەش، ئەنکەرە پێویستە خۆی بۆ شەڕێکی فراوان لەگەڵ هەزاران ئەندامی یەپەگە و هێزەکانی سووریای دیموکرات بکات و ئەگەر بیباتەوە، ئەوسا دەتوانێ بگاتە شەنگال. دیارە بۆ ئەوەی تووشی بەریککەوتن لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبیش نەبێت، دەبێ عێراق و ئێرانیش رازی بکات!

هێڵی شرناخ- شەنگالیش سنووری دوو دەوڵەتە و بۆ ئەوەش لانیکەم پێویستی بە رازیکردنی بەغدا و هەولێر هەیە. بەغدا رایگەیاندووە کە سوپاکەی خۆی، توانای ئەوەی هەیە لە هەر شوێنێکی وڵاتەکەیدا ئۆپەراسیۆن بکات. هیچ  حکومەتێکیش لە بەغدا رازی نابێت بەوەی کە سوپای تورکیا بە قووڵایی 100 کم بێتە ناوخاکەکەی. هەرچی هەرێمی کوردستانیشە، ئەگەر بەو داوایەی تورکیا رازی بێت، ئەوا بە کردەوە زەمینە بۆ لاوازکردنی زیاتری خۆی خۆشدەکات. چوونکە بە کردەوە دەروازی ئۆڤاکوێی دەکرێتەوە بێ ئەوەی حیسابی بۆ بکرێت. ئەمە بێجگە لەو گوشارەی کە رەنگە لە سیاسەتی ناوخۆ لەسەری درووست بێت. هەڵبەت ئەوە بۆ دوو دەیە دەڕوات کە هێزەکانی هەرێمی کوردستان بە کردەوە خۆیان لەشەڕی پ.ك.ك دوورگرتووە و رەتیانکردۆتەوە.

لەم هێلەشدا، جارێکی دیکە تورکیا پێویستی بە رازیکردنی ئەمریکا و ئێرانیش دەبێت و گەلێك ئەستەمە بێ چرای سەوزی ئەوان، بتوانێت کارێکی وەها بکات. بێگومان ئۆپەراسیۆنی شەنگال کارێکی ئاسان نییە و ئەستەمە تورکیا لەم دۆخەی ئێستای سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیدا بتوانێ بیکات. ئەگەر بیتوانییایە 2017 ئەوەی دەکرد. ئەستەمە تورکیا بتوانێ بەجارێ ئەو هەموو لایەنەش لەسەر بابەتی شەنگال رازی بکات. بە ئەگەری زۆر، لە باشترین بژاردەدا، تورکیا بەدوای درووستکردنی میکانیزمێکی سێقۆڵییەوە لە نێوان ئەنکەرە بەغدا و هەولێردا دەگەڕێت تا هەنگاوەکانی لەدژی پ.ك.ك زیاتر بکات نەك ئەوەی کە بێت و تاکلایەنە لەشکرکێشی بکات. خۆ ئەگەر کارێکی وەها بکات، ئەوسا زەحمەت نییە پێشبینی بکەین کە زیانەکەی بۆ تورکیا لە سوودەکەی زیاتر دەبێت. ئا لێرەوە دەردەکەوێت کە پاساوی ئەگەری لەشکرکیشی تورکیا بەهێز نییە.

**پاساوەکانی دیکەی ناردنی هێز**

ئەگەری دزەکردنی داعش[1] لە سووریاوە بۆ عێراق، یەکێکی دیکە لەو پاساوانەیە کە بۆ کۆکردنەوەی هێز لەو ناوچەیە باسدەکرێت. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە داعش زیاتر لە هێڵی بەعاج ـ حەزەر، وادی حوران لە ئەنبار و دواتریش پارێزگاکانی سەلاحەدین و دیالە و باشووری کەرکووکدا خۆی گلێرکردۆتەوە. بێجگە لەوە، لە ساڵی 2020 دا جوگرافیای کردەوەکانی خۆی زیاتر بەرەو باشوور پەرەپێداوە نەك باکوور. بە پێی راپۆرتێکی چاودێری گشتی پنتاگۆن، لە چارەکی کۆتایی ساڵی 2021دا داعش 5.6%ی کردەوەکانی خۆی لە سنووری پارێزگای بەغدا ئەنجامداوە. ئەمەش لە کاتێکدایە ئەو رێژەیە لە چارەکەکانی پێشووتری ئەوساڵەدا زۆر کەمتر بوون.

هەندێك لە کەناڵەکانی رایگەیاندن باسیان لەوەش کردووە کە گوایە ئامانجی ناردنی لیواکانی حەشدی حەشدی، بۆ دابینکردنی ئاسایش و خۆشکردنی زەمینەی گەڕانەوەی ئاوارەکان بووە.[2] ئەمەش لە کاتێکدایە کە رێککەوتنەکەی نێوان هەولێر و بەغدا سەبارەت بە شەنگال، زۆر بەڕوونی باسی لەوە کردووە کە دابینکردنی ئاسایش و خۆشکردنی زەمینەی گەڕانەوەی ئاوارەکان کاری هەردوولایە و پۆلیس، سوپا و ئاسایشی نیشتمانی، تاکەلایەنی بەرپرسیاری ئەمنی ئەو ناوچەیە دەبن نەك حەشدی شەعبی!

**ئەنجام**

ئەو پاساوانەی کە وەك هۆکاری ناردنی هێزی زیاتری حەشد بۆ شەنگال باسدەکرێن بەهێز نین. بۆیە دەشێ بەدوای هۆکاری دیکەدا بگەڕێین و دەتوانین بەمجۆرەش باس لە گرنگترینەکانیان بکەین:

یەکەم: رێگرتن لە ئەگەری هەرجۆرە جووڵەیەکی سەربازی عێراق شەنگال

حکومەتی عێراق هەرلە سەرەتای ئیمزاکردنی رێککەوتنی شەنگالەوە، لەڕێی دوو فیرقەی سوپا و دوو لیوای پۆلیسی فیدراڵی و گرتنی لانیکەم 80کم لە سنووری نێوان رۆژئاوا و شەنگال، ئاماژەی ئەوەی داوە لەوانەیە وەختێك بێت و ناچاربێت بە هێزی سەربازی دەسەڵاتی خۆی لەوێ بسەپێنێت. هەرچەندە هیچ لێدوانێکی رەسمی لەسەر ئەوە نییە بەڵام، گوتەکەی سەرکوەزیرانی عیراق سەبارەت بەوەی کە سوپا توانای هەیە لە هەرشوێنێکی وڵات ئۆپەراسیۆن بکات، ئەویش لە کاتێکدا کە وەزیری بەرگری تورکیا هاتبووە بەغدا تا باسی شەنگال بکات، وەك ئەوە لێکدرایەوە کە لەوانەیە حکومەت بۆخۆی بە تەمای سەپاندنی دەسەڵات لە شەنگال بووبێت. هەڵبەت ناردنی ئەو هێزە زۆرەی حەشد بۆ شەنگال، ئەوەندەی دیکە دەسەڵاتی حکومەت لەو ناوچەیە ناڕوونتر دەکات.

دووەم: هێزەکانی هاوپەیمانان لە 2020دا 6 بنکەی سەربازییان رادەستی هێزەکانی عێراق کردووە و بەوجۆرەش زۆربەی هێزەکانی خۆیان لە ئەنبار و هەرێمی کوردستاندا گلێرکردۆتەوە. یەکێك لەو شوێنانەش کە رادەست کرابوو، ناوەندی ئۆپەراسیۆنی نەینەوا بوو. بەوجۆرەش نەینەوا لە بەینی ئەنبار و هەرێمی کوردستاندا کە هێزی هاوپەیمانانی لێیە، بۆ ئەو بەشانەی هێزەکانی حەشدی شەعبی کە خوازیاری دەرچوونی ئەمریکان لە عێراق بایەخێکی سەربازی پەیدا کردووە. بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی بڕیارەکەی ئەمدواییەی زیادبوونی ئەرکی ناتۆ لە عێراقیش، وادیارە ئەوان دەیانەوێ پێگەکانی خۆیان بە هێزتر بکەن، بەرلەوەی ناتۆش هێزی زیاتر بنێریتە عێراق.

سێیەم: دوابەدوای نمایشە سەربازییەکەی سەرایاسەلام کە داعش و بەعسییەکانی کردبووە پاساو، لەوانەیە ئەم جووڵەیەی دوایی ئەو بەشەی حەشدی شەعبیش کە بە نزیك لە ئێران هەژماردەکرێن، نمایشێکی سەربازی بێت بۆ جەختکردنەوە لەو جەمسەربەندییە سەربازی و سیاسییەی( حەشدی عەتەبات، حەشدی سەدری و حەشدی وەلائی) کە ئێستا لە نێو دامەزراوەی حەشدی شەعبیدا درووستبووە.

هەرچۆنێك بێت، ناردنی هێزی زیاتر بۆ شەنگال، دۆخی ئەو ناوچەیە ئاڵۆزتر دەکات و ئەمەش زیان بە پێگەی حکومەت لە بەغدا وهەولێریش دەگەیەنێت.

[1] _ https://www.nasnews.com/view.php?cat=52541

[2] _ https://ninanews.com/Website/News/Details?Key=888844